شاسوار عەبدولواحید و سودانی گفتوگۆی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن

ئەمڕۆ پێنجشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لەگەڵ شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ کەبوونەوە.

نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاندووە، لە کەبوونەوەکدا هەردوولا جەختیان لەگرنگی گفتوگۆی لایەنە کوردییەکان کردووەتەوە بە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەرۆک وەزیرانی عێراق و شاسوار عەبدواحید لە کەبوونەوەکە باسیان لە دۆخی سیاسی عێراق و هەرێم و کێشەکانی هاوڵاتیان کرد و جەختیان لەچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و چارەسەری کێشەی موچە کردەوە.

نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراقیش باسی لەوەکردووە لەمیانی پێشوازی و دیداری سەروکوەزیرانی عێراق لەسەرەکی نەوەی نوێ باسیان لە دۆخی سیاسی عێراق و دۆخی ئابووری و گوزەران و خزمەتگوازرییەکان بە تەواوی هاوڵاتیان کردەوە.